# ڕوونکردنەوە لەسەر هەڤپەیڤینێک

محەمەد سالح سەعید
(سلێمانی)

(١ - ٢)

**پەیڤین**

زانیارییە تایبەتەکانی بیرەوەریی هەرکەسێک دەرچە و بەرهەمی بەشداریی کەسایەتییەکە، بە هەموو تایبەتە جیاییەکانەوە لە ئەزموونە ژیانی و ژیاری و کۆمەڵایەتییەکانی تاک و کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەدەنەوە!

نووسینەوەی ئەرێ و نەرێ، خۆش و ناخۆش بۆ هەر کۆمەڵێک ئەگەر سوودی بوارێکی تێدا هەبێت، بۆ نەتەوەیەکی وەک کوردی ستەم لێکراوی دەستی هێزە ئیمپریالییە داگیرکەر و پاوەنکاری سەرمایە و ئابووری، خاک، سامانی مرۆیی و دەسەڵات پێویستەو سوود بە بیرکردنەوە و هەڵوێستەی لاوە پەرۆشە هۆشیارەکان دەگەیەنن، بێ گومان بۆ بەرەو پێشکەوتنی گەشەدارتر پێویستن.

ئەو بیرەوەرییە بابەتییانەی لە ڕێڕەوی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی، ئازادیخوازی، بیری مرۆیی و پێشکەوتنخواز بۆ دابینی گەشە و پێشکەوتن لە بارودۆخێکی هێور و ئاساییشدا کە بوارە ژیانی، وێژەیی، هونەری و ڕووناکبیرییەکان بگرێتەوە، ئەوە بێ گومان شایستەیی و سوودمەندیی لێ دەکەوێتەوە.

بیرەوەرییەکان لە گێڕانەوەی من و تۆی بەخشندەو ئەوی پاک و ڕاستگۆ و خۆبەختکەرەوەیە. چەندە پوخت و ورد و مەبەست پیرۆز، ئاراستەی ئاوات و ئامانجەکان بن، وەک تاقیکردنەوەکان دوای خۆمان بۆ نەوەکانمان کاریگەرتر دەبن.

ئەوەی دەیگێڕینەوە لە بۆتەی بەرژەوەندیی گشتیدا دەتوێنەوە. بە دڵبێت، یان بەدڵنەبێت، گێڕەرەوە تەنیا مافی بەرگریی لە خۆی هەیە! بە باوەڕی خۆم (کەم و زۆر) کەسێک نییە بەبێ کەموکووڕی، لەکاتی هەڵەکردن، یان شکاندنی بە مەبەستدا نەبێت، گێڕەرەوەی بابەتیی کە ئەرکی خۆی جێبەجێکرد، ئاسوودە و شادمان بەپێی توانایی خۆی چاکەکار خۆی بهێڵێتەوە. ڕامیاری پاک و ڕاست، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هەموومان لەسەرمانە کەموکووڕی و هەڵەکانمان چاک بکەین و ئازایانە ئاشکرایان بکەین.بەوپەڕی خۆڕاگریش بەمتمانەوە، بروابەخۆ، بەشێوازی سروشتی و هێور، ڕاستگۆیانە پێشوازبێت. ئەوەی هەستیش بکات ویستی شکاندن هەیە، پێویستە شپرزە نەبێت، بەوردی و شێوازی هێمنانە ڕاستییە جوانەکان ڕوون بکاتەوە، بەبێ بەرپەرچی گرژ و ناخۆش.

پشتبەست بەو تاقیکردنەوەیەی بۆ یەکەم جار پێشوازیی دڵسۆزانە، ئەو ڕێزگرییە خۆشەویستانەیەی کە لە ڕۆژنامەگەری سەرکەوتوو، هەڵسەنگێنی خاوەن

توانایی، سەرنووسەری گۆڤاری (رامان)ی پێشکەوتوو، کە دیدەنیمان کرد، ڕێزی بەرزێتی خۆی، گۆڤارە سەرکەوتووە تەمەندرێژەکەی، بەرانبەر بە من سەلماند، منیش گەلێک سوپاسی دەکەم، بەم تەمەنی پتر لە هەشتا و پێنج سالییەمەوە لەگەڵ ئەو هەموو جەنجالییە رامیاری، رێکخراوەیی، پیشەیی و کۆمەلایەتییەی بەسەریدا تێپەڕیوم (ئەزموونێکی نوێ و تایبەتیی تری خۆش و ناخۆشی پێ بەخشیم و دەرفەتێکی نوێی تری پێدامەوە، خۆشەکەیان گرنگە کاکە ئازاد چێژی لێوەردەگرێت ئەوەیە دەربڕینی خۆڕسک و سەربەست وەربگرێت، نەک شێنەیی بیرلێکراوەو دارشتەی ویژەیی بەمەبەست و ڕێکخستنەوەی بیروبیرۆکەی پتەو (ئەوە بۆ کەسێکی بەتەمەنی وەک من - بۆ نموونە - تووشی کێشەی بیرنەهاتنەوەی خێراو چەندان بیر و بیرۆکەی گرنگ دەکات کە (دوایی لەوانەیە لەسەری بکەوێت و کەسانێک لێی دڵگران بن).

یان نەیئاوزێ وەک پێویست کەلێنەکان پڕ بکاتەوە. ئەوە لایەنە ناخۆشەکەیەتی کە:

هەتا ڕادەیەک (ئێستا ئەوەی منی دڵگران کردووە، لەوانەیە خۆشەویستانێکی وەها هەبن کە بەهەڵە لە من زویربن.) ئەوەشی کە بۆ هەمیشەی ژیانم پێچەوانەی خواستی منە.

هەر بۆیە دوای ئەو ئەزموونە بۆ پەیڤین بۆ ئەنجامی باشتر و بەسوودتر خۆزگە:

١- پرس و بابەتی هەڤپەیڤینەکە پێش دوو هەفتە هەمووی بۆ بیرلێکردنەوە و زانینیان بدرێت بەو کەسە، با لەپڕ نەبێت و بەدووربێت لەهەڵە و هەڵبواردن (هەرچەندە ڕووبەڕووش بێت هەرچاکترە.)

٢- یان پرسیارەکان و گشت سەرەداوەکان بەو کەسە بدرێت، خۆبەخۆ و تەنیا وەلامەکان بنووسێتەوە.

ئەمە لەسەرخۆ و دارێژراو، بە ئاراستەو بیرلێکراوەتر دەبێت، ئەوسا بەرپرسیارێتیی تەواو و ڕاستەوخۆ بەرانبەر هەڵە و کەموکوڕییەکان هەڵدەگرێت.

## سەرەتای ڕوونکردنەوەیەک
## نەک وەلام و ڕەتکردنەوەی بەدواداچوون
## من گەلێک دڵخۆش و شانازم

بەم پێشکەشەی هاوڕێی دێرینم مامۆستا مستەفا سالح کەریم لەسەرەتای (بەدواچوون بۆ هەڤپەیڤینێک)دا نووسیبووی. ئەوانەشی هاوڕێکەم پێشنیازی کردوون و پتریش لە یادەوەرییەکانمدا دەبینرێنەوە کە خەریکی نووسینەوەیم، بەتایبەتی هاوڕێکەم کە دەڵێت:

((مەبەستی سەرەکیشم بەپێزکردن و دەوڵەمەندکردنی دیدارەکەیە، چونکە من لە نزیکەوە ئاگام لە زۆریان هەیە!))

دەبا خوێنەری بەڕێز سەرپشکبن خۆیان بەسەربەستی هەڵە و بیروبۆچوونەکانم بکەنە وانەی ئەزموونێکی بابەتیی پاکی ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانە (بەبێ سێبەر، شاردنەوە، ئاوەژووپێکردن، هەڵگێرانەوە) بەراورد پێ بکەن کە بە تەواوی دوورمانبخاتەوە لە کێبڕکێی ناسروشتی و بۆ ئەوەی دروستی و شایستەیی لە پەتا و گرێی دەروونی بمانپارێزێت. با دڵپاکی بە خۆمان ببەخشین.

ئەوەی دەیەوێت نووسەرێکی نەتەوەپەروەر و پێشکەوتنخوازبێت، دەبێت بەڕاشکاوی ڕاستگۆ، بۆ هەمیشە بەپاکی و چاکییەکانەوە بنووسێت. هەرکەسەش ڕاستەوخۆ ئاگای لە هێڵە نهێنییەکانی خۆی هەیە، گرنگترین ڕەفتاری سەلمێنەر بۆ ئەنجام ئەوەیە بە هەمووماندا لەچەواشەکاری بەدووربین. لەپێشەوە بەخۆم دەڵێم و دڵسۆزەکانیش باپێمی بڵێن من بە سوپاسەوە شانازی پێوە دەکەم.

هەموومان دەزانین و پڕ بڕواین کە لە پێوەندیی نێوان نووسەران و ڕووناکبیراندا پێویستە بیرکردنەوەی خاوێن، نیاز و مەبەستی ڕوون، جیاکردنەوەی شیاو و نەشیاو. دروستی هەستی ئارامیبەخش، خۆهێشتنەوەی سنووردار، بەخشندەیی لە دەربڕینی چاک و پاک، پێدا چوونەوە بە خۆداو هەوڵی ڕاستکردنەوەی بیروبۆچوونە چەوتەکان.

چاککردنەوەی هەڵەو بەسەرداتێپەڕینەکان، ئەوانە ڕەوشی بیروباوەڕەکانن، زانستخوازەکانیش، بێ گومان دەبێت لە پاڵنەری نادروستیی ڕەوشت و دەروونی، بەکارهێنانی شێوازی لێپێچینەوەی بەرانبەری، ڕووبەڕووی ناشایستە لە نێوان هاوڕێیان و دڵسۆزەکان بەدووربین.کاتێک ڕووشی دا ئاسانکاربین. با هاوبەشییە جوانەکان ڕووناکبیرانی کورد کۆبکاتەوە، بیروبۆچوونی کەسە جیاوازەکان لەسەرچاوەی ڕوونی ئەو مەبەست و ئەرکە پیرۆزانەوە بن کە هەموومان دەمانەوێت بەخششی تێدا پێشکەش بکەین. (پاڵنەری بەرژەوەندییە تاکەکەسییە نائاسانییەکان) لە کۆتاییدا لەسەر

خاوەنەکەی دەکەوێت، چونکە ڕووناکبیران بەوە نەبێت هەرگیز نابن بە بژاردە شیاوە جوانەکان، ئەویش ئەوەیە هەرکەسەمان بە پێی توانایی و لێوەشاوەیی بەهرە و شارەزایی خۆی لەگەڵ جیایی و دوور و نزیکییەکانیشدا و بەپێی ئاستی بەرپرسیارییەکانیش گشتمان پێشمەرگە ئاسا خۆبەخش هەتا مردن بەبێخەوش تەرخانی بەرژەوەندیی نەتەوە و نیشتمانبین، ئەوەی یاری بەوە بکات سەرگەردانیی بۆ دەمێنێتەوە.

ئێمە هەموومان دەڵێین ڕووناکایی چاودڵ و دەروونمان لەیەک سەرچاوەی پیرۆزەوە وەردەگرین کە بەختکردنمانە بۆ کوردایەتی لە هەستی مرۆیی و خاکی زێرینمانەوە، لە کۆتاییشدا بەویست و بە بڕیاری خۆمان با هەر لەوێدا بتوێینەوە.

لەگەڵ یەکتری ناهەمواریبیەکی نابەجێمان نییە تێکمان بدات، خۆشمان هەرگیز باوەڕناکەم لەو ئاستەدا مابین کە بارودۆخی ناپەسەند و هەڵە و سەرەڕۆییەکانیش تێکمان بدات، بەهۆکاری، داگیرکاری و پێشێلن و زەوتی مافی نەتەوەییمانەوە، هەروەها ئەو ڕێزە کۆمەڵایەتییە تایبەتەی ساڵانێکی دوورودرێژە بەسروشتیی دارێژراوە، لەگەڵ هەڵکشان و داکشانەکانیشدا وەک هاوڕێ و کەس و برا، نابێت بتوانێت ئاستی شایستەیی یەکترویستیمان بشێوێنێت، چونکە هەموومان لەسەرمانە لەگەڕان بەدوای خۆشبەختی گشتیماندا پێکەوە باوەشی دڵسۆزیی بەیەکتریدا بکەینەوە. پەرۆشی یەک خواست و هیواداربین، دەکرێت لەسنوورە کۆتاکاندا وەک هاوڕێ دۆستی گیانی گیانی، هەر بەو پەرۆشییەوە قۆڵمان لە قۆڵی یەکتردابێت! کامەمان خۆی شپرزە بکات و تەنگەتاو بێت، لە گوتار و کرداریدا زیان بەخۆی و هاوڕێکەشی دەگەیەنێت. بۆ ئەوەی خۆی لەوە ڕزگاربکات پێویستە خۆگر و ئارام بیربکاتەوە. دەبێت خۆمان لە هەموو جۆرە خەوشێکی خۆپەرستی بەتاڵ بکەینەوە، باهەریەکە بەخۆی بڵێت ((من شەڕ لەسەر چی دەکەم؟! ئەی دوایی کێ بەکێ پێدەکەنێت و دەستکەوت چییە؟))

لەسەر ئەو بنەمایە، من ئێستا لەگەڵ هاوڕێیەکی دێرینمدا دەمەوێت بەچەند لایەنێکی بیرهاتنەوەی هەستی بێخەوشی خۆمدا بچمەوە کە پێش پتر لە نیو سەدە دەخایەنێت، ئاستەکانمان و کەمە نەگونجاوەییەکان جۆری پێوەندی و جیاییەکانیشمان هەرچۆنێک بوون، بەشکۆی یادی ئەو هاوڕێ دێرینانەی کە بەجێیانهێشتووین (یادیان بەخێر) وەک: مامۆستایان (د. کەمال فوئاد، ئەحمەد هەردی، دکتۆر ئیحسان فوئاد، دکتۆر کاوس قەفتان، حەمە نووری تۆفیق، ئەحمەد غەفوور و دەیانی تر و دەیان شەهیدی قارەمان هەموومان شانازی هەمیشەییان پێوە دەکەین، با بەدوور بین لەڕەوتی نائاسایی نەخوازراو. ئێستاش من هەر لەم لاپەڕە ئاشکرایەوە دەڵێم (نووسەران هەموویان، لەگەڵ هەموو بیروباوەڕە جیاکان و ئاست و پسپۆڕییەکانیان خۆبەخشی یەکسانن، هاوڕێ و هاوڕێیازن، لەسەرمانە دڵسۆز و خۆشەویستی یەکتری بین، ئەوەشی بەهەر هۆکارێک ڕوویدات، کێ خۆی بەچاک و سەرکەوتووتر دەزانێت با لە بەخشندەیی باڵایی خۆبەوە پێ بەهەڵە و کەموکوورییەکاندا بنێت و ئەوەشی هەرکارێک و گوتارێکی نەشیاوی دەربڕیبێت، سەربەرزەییە لێی پاشگەزبێتەوەو ڕاستییەکان دەربخات، کەسایەتیی ئەو ڕێزدارە ناگۆڕێت و لەق نابێت. بەبڕوای خۆم چونکە بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی و کوردایەتی و هاوڕێیەتیی ڕاستەقینە نەگۆڕەو کەسی باوەڕداری دیموکراتخواز و خاوەن باوەڕی پێشکەوتە دەبێت (هێندە باوەڕ بەخۆبێت) کە بەتەواوی بەو ئاستەبەرزەوە، بەستراوە و ئاسوودە دەبێت. ئێستا ڕوودەکەمە هاوڕێی دێرینم مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم: من ئەوە تەمەنم گەیشتە پتر لە هەشتا و پێنج ساڵی ژیانێکی پڕاوپڕ لە ئەزموونی خەباتی کۆمۆنیستیی و مافپەروەری، نەتەوەخوازی و مرۆڤدۆستیی پاک و ڕاست، گرتنێکی زۆر و پێنج ساڵی دوورخراوەیی (ناسرییە و عەمارە و دەستکێشراوە لە بەغدا) و تۆی بەڕێزیش بە ئەزموونی هەمەجۆری سەرکەوتووی خۆتەوە دەبێت بافتی چی بەخۆمان ڕەوا ببینین؟! دیارە شێوازی نائاسا ڕەوایی دەشێوێنێت.!

## چەند ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ((بەدواداچوون بۆ هەڤپەیڤینێک))

هاوڕێی دێرینم مامۆستا (مستەفا ساڵح کەریم) لە ژمارە (٢٣٢) و (٢٣٣)ی گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویستدا بەدواداچوونی بۆ ئەو هەڤپەیڤینە کردووە کە بەڕێز کاک (ئازاد عەبدولواحید)ی ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو لەگەڵمدا کردبووی و لە هەردوو ژمارەی (٢٢٧) و(٢٢٨)دا بە (٥٥) لاپەڕە بڵاوکرابووەوە.

بابەتی (بەدواداچوون) پێوەندیی بە ڕەخنە و ڕەخنەسازیی ئەدەبییەوە نییە کە دەکەوێتە سەنگ و بواری هەڵسەنگاندن، ئایدیا و بیروبۆچوون، بیردۆزە زانستییە ئەدەبییەکان، شێواز و ڕێگە و ڕێبازە جیا و جۆربیە لەیەکچوو و لەیەک نەچووەکانی هەرداهێنەرێک، بێ گومان ئەوانەش کاری تایبەتی ڕەخنەگری پسپۆڕ و کەسانی داهێنەری ئەو بوارەن. من خۆم ڕەخنەگر نیم، هەتا ئەم نووسینەم هەرگیز توخنی نەکەوتووم. هەرچی باش و ناباشیش لەسەر بابەتەکانم نووسرابێت و گوترابێت (بەوپەڕی خۆگریی خاوەن بیروباوەڕی چەپی دیموکراتخوازی ڕاست، بەڕوونی تێی گەییوم، ویستوومە بەبێ هیچ ژەنگوژارێکیش سوودی لێوەربگرم و بەرانبەرەکەش بەهاوسۆزی خۆم دادەنێم. خۆ ئێستا کردەیی لەوە بەلاوەتریشم).

هیچ نووسەرێک ناتوانێت مافی ئەوەی هەبێت و داوا بکات کە کەسانێک وەک خۆی بەرهەمەکەی ئەویان بەدڵبێت و بەو جۆرە هەڵیبسەنگێنن. هەڵسەنگاندن، ڕەخنەگرتن، یان بە دواداچوون بۆ هەر بەرهەم و بابەتێکیش ئەنجام بدرێت، کاتێک سەرکەوتوو پێویست دەبێت کە بابەتیی، ئەرێنی بێت و بەشێوازیش نائاسایی و ناسروشتیی نەبێت.

بزۆکی هەستەوەرەکانی مرۆڤ ناسکن، جیاوازن و دەبێت خۆڕسک و بەوپەڕی ئازادیی دەریانبڕین.

کاتێک پاڵنەری هۆکارەکان پاک و بەبێ خەوشبن (هێوری و ئاسوودەیی، چاکسازی و کەشە جوانەکان دەخەملێنن، لە پەشێوی و پشێوی بەدوور دەبن).

هەر بەهۆی مەبەستە پیرۆزەکانەوە دەتوانین خواستەکانی گەشەپێکردنی هەر بوارێکی (کۆمەڵایەتی، وێژەیی، ڕامیاری، ...تاد) پێبەخشین. ئەمانە هۆکار و پاڵنەرن لەکایە و سایەی ڕێبازی ڕاستی نووسەر و کەسایەتییە خۆبەخشە ڕوونبینە نەتەوەپەروەر و ئازادیخوازەکاندا. ئێمە هەموومان بەدەیان ئەزموونی تاقیکردنەوەی خۆش و ناخۆش، ڕاست و هەڵەمان تێپەڕاندووە کە ئێستا لەم تەمەنەدا وەک ئەرک و پێویست دەبێت نەیەڵین دڵی هاوڕێ و هاوڕێبازانمان گەردبگرێت!

دەبێت بڵێم (چییە ئەو بەرژەوەندییە ژەنگاوییانەی لەگەمەی - نەک شەڕە - تۆپەڵە بەفرینەماندا کە پێکەوە دەیکەین وەها بکات - لەجێگەی بەفر تەڵاشە سەهۆڵی لاتیژ - بگرینە لاچاو و پەناگوێی یەکتری، کە دواییش هەردووکیان هەر بتوێنەوە؟!

لەبەستەڵەکی ڕۆژە تووشەکاندا وەرن هەموومان با پێکەوە شێرە بەفرینە دروستبکەین و شەوارەی خۆشی و خۆشەویستیی بۆ خۆمان بڕەخسێنین!

جارێ من لە خۆمەوە دەستی پێدەکەم کاتێک لە بەدواداچوونەکەی هاوڕێی دێرینی وشە و پێشکەوتنخوازیی سەردەمانێکی دووروودرێژی خەبات و بەرخۆدانمدا خوێندمەوە کە من چۆن لەو سوپاسگوزارییە نەدواوم کە لە پێشەکی (کاروانیی)دا کاتی خۆی (خۆم نووسیومە) و بڵاوم کردووەتەوە (بەرانبەر خۆشەویستم مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم) کە تێدا ئەمە دەقەکەیەتی من جارێکی تریش بۆ خوێنەری بەڕێزی بڵاودەکەمەوە: ((دوای تەواوکرنی چیرۆکەکەش بۆ خوێندنەوە دام بە مامۆستا مستەفا صاڵح کەریم بەڕاستی گەلێک ئامۆژگاریی کە زۆر کەڵکم لێوەرگرت (لەبارەی نووسینی چیرۆکەوە) و هانەهانەی ئەویش بووبووە هۆی لە چاپدانی. لەبەر ئەوە سوپاسی دڵسۆزی و هەستی هونەری و وێژەیی مامۆستای بەڕێزی ناوبراو دەکەم.))، هەر ئەو ڕۆژەی بەدواداچوونەکەی هاوڕێکەمم خوێندەوە بۆ سبەینێکەشی تەلەفۆنم بۆ کردوپێم گوت خۆزگە ئاماژەیەکت پێبدامایە من خۆم چارەم دەکرد. ئەوە بە شانازییەوە جارێکیتریش نووسیمەوە. لەسەرەتای هەڤپەیڤینەکەدا من بە بەڕێز کاک (ئازاد عەبدولواحید)م گوت پرسیارم بدەرێ من وەڵامی دەدەمەوە. ئەو فەرمووی خۆڕسک و سروشتیم پێ باشترە، بەڵام بۆ کەسێکی تەمەن سەروو (٨٥) ساڵی وەک من و (بیرهاتنەوەی لە ناکاو و لەپڕی پێش (٦٠) ساڵی کاروانیی و زانیاری و ڕووداوی پێشتریش بەداخەوە هەڵبواردنی وەهای تێدەکەوێت کە ئەوەتا ئێستا یادی (دیدارە سۆزدارییەکانی ناوەوەو بەردەمی کتێبخانەکەی تێکۆشەری ئاشتیخواز ڕەئووف مەعرووفی خۆشەویستی هەمووان دەکەینەوە کە لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنەکەی هەمووومانی یەکدەخست، نزیکەکان بەهەستی دڵسۆزی و ئەدەبی، لەوانە (مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم)ی هاوڕێی خۆشەویستمان.

وتووێژەکانمان پێکەوەو کەسایەتییە مەزنەکانی وەک مامۆستایان: محەڕەم محەمەد ئەمین، حەمەساڵح دیلان، مەحموود تۆفیق خەزنەدار، کامەران موکری، جاروبارێک

شەهید شاکیر فەتاح و چەندانی تری نەتەوەپەروەران و ئازادیخوازان، کەسایەتیی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی کە وەک دیدەنگەیەکی باوەڕپێکراوی هەمووان هەمیشە لەوێ بەیەک شاد دەبووین. بەوتووێژەوە، کارە تایبەتەکانیشمان بەجێ دەهێنا. ئێستاش دەبێت ئەو ڕاستییە بڵێم کەمن پێم خۆش نەبوو ئەم کارە بەپەیڤینی زاریی ئەنجام بدەم. ئەوەتە بەلایەنی خۆمەوە چەندان بابەتی پێویست و گرنگم بیرچووە، واتا لەسەر منە چاکیان بکەم و لە چاپکردنەوەیدا هەڵە و کەموکورپیی تێنەکەوێتەوە، لێرەدا پێش ئەوەی هەریەک ڕوونکردنەوە لەسەر بەدواداچوونەکانی مامۆستا بنووسم، بە ئەرکی خۆمی دەزانم باوەڕ و هەستی (ڕاست و پاکی خۆم) بەرانبەر مامۆستا مستەفا ساڵح کەریمی هاوڕێی دێرینم دەرببڕم و بیکەمە دەسکەگوڵی دڵسۆزیم بۆ ئەو و هەر نووسەرێکی تریش کە بۆ هەر هەڵوێست و کارێک ناسیبێتم. من خۆم دەناسم، ناکرێت جوانیی دروستییەکان وەک خۆیان دەرنەخەم.

ئەوەتە بڕوا و بیرکردنەوەم چییەو چۆنە ئاشکرای دەکەم، بەوەش گەلێک ئاسوودەم. من کە گوتم بەبیرمدا نەهاتەوە لە پێشەکییەکەی (کاروانیی) بدوێم، ئەوە ڕاستییەو ئەوەتە دەقەکەیم بەهاندانی دڵسۆزانەی، دووبارە بڵاوکردەوە. لە بارەی زانیاریی گشتیی چیرۆک و ئێستاش سوپاسی مامۆستای هاوڕێم دەکەم، بۆ پتر سەلماندنی ئەو بیرچوونە دەڵێمەوە کە هاوڕێم مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتووی ساڵانێکی دوورودرێژی هەر لەپەنجاکانەوە پشوودرێژ بۆ شەستەکان و حەفتاکان وەک قۆناغ، لەوێوە بۆ نەوەدو دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی کوردستانیش هەتا دوێنێ (ئیتیحاد) و ئێستای دوو هەزار و حەڤدە.لە (ژین)ی دڵ و گیانی پیرەمێردی نەمرەوە بۆ (برایەتی)ی سەردەمی هاوڕێ (دارا تۆفیق)ی شەهیدی نەتەوەپەروەری و پێشکەتنخوازی.دواییەکەی ئەو کاریگەرییەی بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ).

ئەم هاوڕێیەم کەسێکی تۆماریی بەبیرهاتی سەرکەوتووکارایە لە ڕۆژنامەنووسیندا پیشەکارە، بۆ نموونە من (ڕۆژێکی ساڵی ٢٠١٢) خۆم چووم بۆ دیدەنیی ئەو لە نووسینگەی کوردستانی نوێ لە پێشکەشی کتێبی (ماذا یرید الآکراد وماذا آراد ویرید العرب) - دیارە لەناو کتێبەکەدا بەکورتی ڕەخنەم لە هەڵەی بەکارهێنانی (ئەکراد)گرتبوو کە بۆ بەکەمزانی و لەنرخهێنانە خوارەوە بەکاردێت - لەگوتەیەکی مالیکی دەدوێم - ناوی تاقمێک دۆستانی کوردم وەک سوپاس نووسیبوو، داوام لێکرد ئەگەر کەسێکیتر هەبێت ئەو ناوی چوارکەسی عەرەبی پێشکەوتنخواز و دۆستی کوردی پێگوتم، خستمنە سەرناوەکان، ئێستا من بێ ئەوەی ئەو ئاگاداربێت ئەوەتە بەشایستەیی لێرەدا دەیخەمەڕوو! چونکە من ئەرکی پیرۆز بەجێدەهێنم با هاوکاری ئەو هاوڕێیەم و کەسانی تریش هاوکارمبن، بەوە شانازم، مرۆڤی ئاسایی و کەسی سروشتی هەرجۆرە بەرپرسیارێتییەکی ژیانیی گرتبێتە ئەستۆ، لە ئەنجامدا کەسایەتیی خۆی تێدا بەرجەستە دەکات. دیارە نووسەر، ڕۆشنبیر، ڕامیار، هونەرمەند و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی، زانستی و هەموو تاک و کۆمەڵانی تریش گرنگە خۆیان لەبیربێت.(بێ گومان بەشێوازی گوتار و کرداری کەسایەتی هەرکەسە دەسەلمێت و بەرجەستە دەبێت)، کەسێکیش نابێت کاریگەری، هاوسۆزی خۆی و هاوڕێ و هاوڕێیازەکانی نەنوێنێتەوە.

پەیڤی هاوڕێیەتی دروشمێکی چەسپاوی ناخییەو لە ئەنجامی ئەزموون و پێوەندیی هاوبەشی سۆزدار و بەرژەوەندییە پیرۆزەکان بەماوە و تافی تایبەتی دروست دەبێت، دەچەسپێت و نەریتە جوانەکانی دەبێتە ڕەوشی پەیڕەوکراو.

(من هاوڕێیەتی وەها دەبینم.) لەسەر ئەو بنەمایە بەپێویستی دەزانم هەروەک ئاماژەش بێت کەمێک لە چالاکییە بەرهەمدارە چاپکراوەکانی مامۆستا (مستەفا ساڵح)ی هاوڕێم پێشکەش بکەم (بەڵام نەک بۆ ڕاڤە و لێدوان، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن)، بەڵکو هەر بۆ ڕوونکردنەوەی دوو لایەنی گرنگ:

**یەکەم:** بڕ و چەندێتی و جۆری چالاکییە وێژەیی، ڕۆژنامەگەری و پەروەردەییەکانی هاوڕێکەم کە بە توانایی و هەوڵ و کۆششی خۆڕەتێنی خۆی، بەکارامەیی، وەک بەرهەمدارێکی سەرکەوتوو ئاستی شایستەی خۆی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێگیرکردووە و سەلماندووە. ئەوە بێجگە لە توانایی و ئاراستەی تایبەتیتر لەبواری بەڕێوەبەری، سەرپەرشتیی پەروەردەیی، وەرگێڕیی لەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، سەرپەرشتی و کارگێڕی، بە تایبەتی لە هەردوو ڕۆژنامەی (ئیتیحاد و کوردستانی نوێ)ی دوای قۆناغی

(ژین) و بایەخدانی گەورەی بێ وێنە بە (پیرەمێرد)ی بلیمەت و داهێنەر. هیوای تەمەندرێژیی بۆ دەخوازم، ئەوانەی نووسیومن لە باوەڕ بەخۆبوونی خۆمەوەیە.

## دوای خوێندنەوەی (بەدوادا چوون بۆ هەڤپەیڤینێک) ی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم

چوومە بەردەمی کتێبخانە تایبەتەکەی خۆم، لە یەکێکدا پەیڤی (کەمال) م دی کە برای بەڕێز (نەوزاد عەولی ئەحمەد) وەک بڵاوکراوەیەکی (کوردستانی نوێ) لە (٣٨٧) لاپەڕەدا بۆ ڕێزلێنان لە خەباتی شەست ساڵی پڕ شکۆی خەباتگێڕێکی نەبەزی کوردم هاتەوە بیر کە دوو ساڵ تەمەنی ئەگەر نەڵێم (هەرزەکاری) لاوێتیمان لەسەردەمی (تەحەڕوڕ، نەجمە، سیراع و ئیتیحاد)ی کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانماندا تێدا بەسەربردو مەگەر بەدەگمەن بیستریێتەوە، بەڵام پەیڤی شیرینی (هاوڕێیانی دێرین)ی ئەو (دکتۆر کەمال فوئاد)ـە خۆشەویستە، یادی بەخێر، لای چەند کەسانێکی بەرز و شایستەی وەک (پرۆفیسۆری زانا و شارەزا، نەتەوەپەروەری پێشکەوتنخواز، مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز، خاوەنی شارایەک لەبەرهەم و زانیاریی پڕ بایەخ - د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ - و مامۆستای سروودی نەتەوەیی کڵپەسەندوو جەژنی پیرۆزی نەورۆز و سروودی (باوک و پێشمەرگە) و تێکستە دێرینەکانی (کوردواتەنی) مامۆستا (عەلی شەونم)ی نەگۆڕی براگەورەمان، عەلی مەحموودی پارێزەر، قادری میرزا کەریم، مامۆستا (مستەفا ساڵح کەریم)ی بیرتیژی یادەوەری، بەدواداچوونەکان، ڕۆژنامەنووسی خاوەن توانایی و سەرکەوتووی ژین و ئیتیحاد و کوردستانی نوێ، چالاکوانی بواری ئەدەبی و مێژووی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی ئێراق و بەرهەمداری چیرۆکی کوردی و هەڵکەوتووی چەندان بواری تری ڕامیاری، نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی، هاوڕێی تری بەرز و باڵا و ناخی زیندووی (هاوڕێیانی دێرین)ی وەک نەمران و داهێنەری شیعری ژیاوەی زیندوو مامۆستا ئەحمەد هەردی بۆ نەتەوە سووتاوی دامەزرێنی (کاژیک) وەک باوەڕێک بۆ ڕەتکردنەوەی داگیرکاری کورد و کوردستان. هی تریشی بەچەشنی کەسایەتی نەتەوەیی و ئەکادیمی دکتۆر ئیحسان فوئادی



**د. ئیحسان فوئاد، ع. ع. شەونم، محەمەد ساڵح سەعید**

خۆش مەشرەف کە دکتۆر عیزەددینی بلیمەت نازناوی (زەعیم)ی پێبەخشیبوو، مامۆستا مستەفای هاوڕێی ئەوانی دێرین و ئێستای بەدواداچوون، من لەم هەڵوێستەیەدا بیر لە هاوڕێی دێرینی هەموومان دکتۆر کەمال فوئادی لەگەڵمدا کاری چالاک و بەتوانایی شیوعیی خۆبەخشی ڕاستودروستی سەردەمانێک، بۆ هەمیشەو هەرچەندە دەرفەتی هەبوایە، نەک وەک ڕامیارێکی پلەوپایەی شیوعی و پارتی و پێشکەوتووی شۆڕشی نوێ و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و پەرلەمان و دەوڵەت (کە تۆ لەو سەردەمەدا زۆر لە ئێمە لێوەی نزیکتر بووی لەکاروباری ڕامیاری و ڕۆژنامەگەریدا) ئەو کۆی دەکردینەوە، تێکەڵ بە بابەتە خۆشەکانی کەسایەتی ڕۆحسووک و خۆشەویستی کوردی ئەو سەردەمەی بەغدا (بەشیر موشیر)، سۆزداریی قوتابخانەو لاوێتیی ڕاپەڕیو و بزێوی پێکەوە بووغان بوو لە بواری کاروچالاکیی کۆمۆنستیدا، دواییش لەدەرفەتە تایبەتەکاندا کە (ماڵی کەریم بەگ) هاتبوونە تووی مەلیک پشت ماڵی ئێمە کە هەرگیز لەیەک نەپچڕاین.من دەڵێم ئێمە هاوڕێیانی (دەگمەن و دێرین بووین. لەو سەردەمەوە کە سەرپەرشتیی زانکۆی دەکرد دووجاریش هاتە مەڵبەندی کوردۆلۆجی بۆ لامان، کاتێک بەڕێوەبەری کارگێڕی بووم، هەروەها هەرکات لە سلێمانی بووبێت، هاوڕێمان دکتۆر ئیحسان فوئادیش کە ئەوسا جێگری سەرۆکی زانکۆ بوو هەفتەی جارێک بۆ بەدواداچوون دەهاتە لامان، بێجگە لەوانەش یەکەم خولی دەستەی کارگێڕی یەکێتیی نووسەرانی کورد کە تۆ سکرتێر بوویت، بەڕێز و شایستەییەوە سەرکەوتووانە پێکەوە

هاوبەشی ڕاژەی ئەندامان و زمان و ئەدەبی کوردیمان بەپاکیی و دڵسۆزیی ئەنجام دا. ئێمە شانازیی بە بەرهەمی سەرکەوتووی گشت نووسەرێک و هەمیشە شادمان و ئاسوودە بووم بەناخ و ناوەڕۆکی پێشکەشی بەرهەمەکانی تۆی هاوڕێشم کە وەک دیاری پێشکەشت کردووم، ئەوانە دڵسۆزی و بەخششتانی تێدا سەلماوە، بۆ نموونە وەک:

١- شەهیدانی قەڵای دەمدەم - چیرۆک - چاپی دووەم، ١٩٨٢، پێشکەشە بە چیرۆکنووس مامۆستا محمد ساڵح سەعید (٥٦ لاپەڕە).

٢- رحلة الی بلد الراین، ٢٠٠٥، پێشکەشە بە هاوڕێم مامۆستا محمد ساڵح سەعید - (٦٨ لاپەڕ ە).

٣- ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم - چاپی سێیەم، چیرۆک، ٢٠٠٦، پێشکەشە بە هاوڕێم چیرۆکنووس کاکە حمە ساڵح سەعید لەگەڵ ڕێزما، ٢٣٩ لاپەڕە).

٤- باخێک لەوشە - گەشتێک بە ژیاننامەی پڕ شکۆی پیرەمێردی نەمردا (٢٠٠٧) (برای زۆر ئازیزم نووسەری خۆشەویست کاکە حمەساڵح سەعید بۆ یادگاری ڕۆژانێکی دووروودرێژ)، ٢٠٠٧، ٢٦٩ لاپەڕە.

٥- الیوم الثالث - زاویة اسبوعیة - الإتحاد - (پێشکەشە بە برای ئازیزم و هاوڕێی دێرینم کاکە حمە ساڵح سەعید) (٢٠٠٩) - (٥٣٠ لاپەڕە).

٦- یەکێتیی نووسەرانی کورد - ڕێباز و هەڵوێست - (پێشکەشە بە هاوڕێم محمد ساڵح سەعید) -٢٠١٢- (٤٩٤ لاپەڕە)،

(خۆزگە لەسەر دەستەی دامەزرێنەری لقی سلێمانیی پێش کۆنگرەی یەکەمیش زانیاریی تێدا هەبوایە.

٧- باخێک لە وشە - چاپی دووەم - بەچاپ و پێشەکیی نوێی و قەشەنگ.

(پێشکەشە بە هاوڕێی دێرینم مامۆستا حمەساڵح سەعید)، ٢٠١٥، ٤٤٦ لاپەڕە، لە (٢٦٩) لاپەڕە.) بەو جۆرە

لە بەخششی (٢٠٠٢) لاپەڕەدا، هەستی پاک و دڵسۆزانەی نەتەوەیی و پەیڤی پیرۆز هەمیشە کۆی کردووینەتەوە).

ئەمانە دیارە لەگەڵ جیایی توانایی، ڕێباز، بواری کارامەیی، بەهرە، دەرفەت، پێوەندییە ڕاستەوخۆ و چالاکەکانی هەریەکەمان و نووسەرانی تریش، چەندە جێگەی شانازییە کە بە بێ خەوشی گشتی و تایبەتی، یان گرێی نابابەتی، بەرخۆدانمان هەر لە بەرهەمداریدا بێت و دووربین لە پاڵنەری ناسروشتی. بێ گومانم کە هیچ هۆکارێک ئەمڕۆ یا سبەی نەتوانێت هاوسۆزیی دڵسۆزانەی ئەو هاوڕێیەتییە بزوێنێت، بشێوێنێت، یان تێکی بدات.

ئەوە لەگەڵ هەموو جیاییە باوەڕداریی، پابەندییە ڕامیاری و ڕێکخراوەیی و هەربابەتێکی تریشدا، لەبەردەم کۆشکی باڵا و پیرۆزی نەتەوەییماندا کە کۆکەرەوەو یەکخەری هاوڕێیەتی و هاوڕێبازی گشتیی هەر هەموومانە و گشت نووسەرانیش

## ڕوونکردنەوە پێویستەکان

من وەک نەریتێکی تایبەت بەخۆم هەتا ئەم نووسینەم هەرگیز بۆ یەک جاریش وەڵامی ڕەخنەم نەداوەتەوە.

جیاوازیی بۆچوون و ڕێبازی جیا، سروشتی و ئاسایی دادەنێم، بەڵام لێرەدا (ڕوونکردنەوە) نەک وەڵامی ڕەخنەبازی و کێبڕکێ، بە ناچاری لەسەر ئەوەی بڵاوکراوەتەوە، بۆ ئاشکرا کردن وەک پێویستییەک دەخەمەڕوو، بۆ نموونە لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد هاوڕێکەم بەم شێوازە دەیخاتەڕوو:

لەلاپەڕە (٥٨١) دێڕی (٤)دا مامۆستا فەرموویەتی:

((ئێستر دیارە لە ٢/١٠/١٩٧٠ کۆنفراسی لقی سلێمانی کرا دوای هەڵبژاردن ئەنجامەکەی بەپێی دەنگ بەم شێوەیە بوو:

(موحەڕەم محەمەد ئەمین، کامەران موکری، مستەفا ساڵح کەریم، شێخ محەمەدی خاڵ، ئەحمەد هەردی، محەمەد ساڵح سەعید، شاکر فەتاح، ئەمین میرزا کەریم، محەمەد مستەفا کوردی، عەبدوڵڵا میدیا)

**تێبینی:** (١) لەبەر ئەوەی کاکەی فەللاح و شێرکۆ بێکەس و عومەر عارف دەنگەکانیان وەک یەک بوو، ئەو دوانە وازیان هێنا و عومەر عارف بوو بە ئەندام، ئەوانیش بوونە یەک دەنگ، مامۆستا لە (٢)دا دەڵێت لەهەڵبژادنێکی نهێنیدا لە ماڵی شاکر فەتاح (دەستەی کارگێڕ)ی بەم شێوەیە هەڵبژێردرا: سەرۆک / شێخ محەمەدی خاڵ، جێگری سەرۆک شاکر فەتاح، سکرتێر مستەفا ساڵح، ژمێریار محەمەد مستەفا کوردی، هاوڕێکەم لەوە پێش بەمن دەڵێت: ئەو ڕاستەدکات جاوەرە ئەم تەلیسمە هەڵبێنە!

١- بەپێی بڕگە دووی مامۆستا دەستەی کارگێڕ تەنیا ئەو چوار کەسەن.
٢- بەبیرکردنەوەو کۆکردنەوەو لێدەرکردنەکەی ئەو (١٣- ٢ = ١١) یازدە ئەندام دەمێنێتەوە.
تەلیسمەکە دەڵێت: تۆ بڵێیت هەر ئەو چوارە بن؟
٣- هیتریش دەپرسێت و دەڵێت: باشە کە بارەگای لق هەبێت، ئەو هەڵبژاردنە بۆچی دەبێت لەماڵی شەهید شاکر فەتاح ئەنجام بدرێت؟! ئەگەر واشبێت دەبوو لەماڵی (شێخ محەممەدی خاڵ) بوومایە.
تکایە با گوێمان لە هاورێکەم بێت دەربارەی ئەنجامی کاری سێ لیژنەی پێداچوونەوەی سێ کتێبی کوردی کە ئەمینداریتی خوێندنی کوردیی پێکهێنابوو (نووسراوەکەی ماوە). ل٥٨ لای چەپ، لەخوارەوە بۆ سەرەوە دێڕی (٤) کە فەرموویەتی:
(ئێمە کاری خۆمان تەواوکرد، لەدواییدا بەپێشنیازی کاک محەممەد پیرۆز، هەموو کتێبە ئامادەکراوەکانم برد بۆ بەغداو تەسلیمی دکتۆر ئیحسان فوئادم کرد، زۆر بەخۆشییەوە لێیوەرگرتم ...) دیارە ئەوە ئاشکرایە:
١- ئەو ئەرکە کاری فەرمیی (بەشی بەرنامە و کتێب)ی ئەمانەتی گشتیی پەروەردەیە لە هەولێر کە گشت ئەو لیژنانەی پێکهاتبوو کوا چی لێهات؟! ئایا بەڕێوەبەرە گشتییەکە نەزانەو کاری فەرمی خۆی نازانێت هەتا ئەمینداری گشتیی کاری وەها بکات؟!
٢- جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی ئەنجامی کار و بڕیاری چەند لیژنەیەکی فرە ئەندام و جیا لە پارێزگاکانی کوردستانەوە کاری ئەو بەشەی ئەمینداریتییەکەیە کە دوای پێشکەشی بیر و بۆچوونی لیژنەکان ئەنجام پێشنیازەکان ڕێکی بخەن و دوایی ڕاپۆرتی تەواوی لەسەر بنووسرێت، دوای بڕیار، یان پێشنیازی خۆیان چاپی بکەن و بە نووسراوی تایبەتی ئەو بەشەوە ئەوسا ئەمینداری گشتیش بە نووسراوی تایبەتی ئەمیندار و پێویستە ئەو فەرمانگە باڵایە بینێرێت بۆ بەغدا، چونکە ئەرکی فەرمی و ڕاستەوخۆی ئەوە کارەکەی خۆی تەواوبکات و ئەوە ڕیزبەندییەکی پێویست و ئاسایی فەرمییە کە دەبێت ڕەوتی خۆی ببینێت.
٣- خۆ ئەگەر کاری ئەو ئەمینداریتییە هێندە هەڕەمە، یان پەلەپەلبێت، ڕێڕەوی ئەو فەرمانگە باڵایانە فەرمانبەری تایبەتی خۆیان هەموو کار، فرمان، فەرمان و داواکارییەکانیان یەکدەخەن و وەک بەرپرسایەتی ئەو



**لیژنەی چیرۆکی کوردی، لە کۆنگرەی یەکەمی نووسەرانی کورددا، ساڵی ١٩٧٣**

دەبیات، هەرچی پێویستە جێبەجێی دەکات. ئایا ئەو ئەرکەیان بۆ لێسەنرایەوە؟
٤- سەیرتر نییە ئەمینداریێکی گشتیی بەدەر لەبەرپرس و فەرمانبەری تایبەتی ئەمینداریتییەکەی خۆی، هیچ نەبێت بەبێ ئاگادارکردنەوە، ڕاوێژ، بەدواداچوونێک بۆ ئەنجامی سێ لیژنەی گرنگ، بەبێ (پێزانینی) بەڕێوەبەری گشتیی بەرپرس و پازدە ئەندامی کارای سێ لیژنە کاری نایاسایی وەها ڕوویدات.
٥- ئەی ئەمینداریتی گشتی لەناو ئەو ئەندامانەدا، مامۆستایان: (بەهجەت سەعید کابان کە یاریدەدەری بەڕێوەبەرێتیی گشتی، محەمەد ڕەشید مەحموود سەرپەرشتیاری یەکەمی پەروەردەیی، .. بەباوەڕی من ئەی مامۆستا کەریم مستەفا شارەزای - ئەندامی لیژنەکە، شارەزا و شایستەو لە هەولێریش دادەنیشێت و لەهەموومان پێشترە دەبیات بۆ بەغداو دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و یەکسەر ئەنجام و وەڵام ڕادەگەیەنێت)، هەرچەندە ئەو پێشنیازەی ئەمینداری گشتیی دەگمەن و نایاساییە و ناکرێت کاری وەها بکات.
بەتایبەتیتریش ئەمینداریتی گشتیی بۆ بردن و ناردن پۆستەبەری تایبەتی خۆی هەیە!
(ئەمینداری گشتی لەخۆیەوە پێشنیازێکی نائاسایی بۆ ئەندامێکی میوانی - دەرەوەی فەرمانگەکەی خۆی و پارێزگاکەی خۆی بکات - ڕاییسپێرین ئەو وەک ڕایەک (یەکسەر) لەخۆیەوە ئەنجامی - ڕاسپێری و پێشنیازی کاری سێ لیژنە بیات بۆ بەغدا، بەڕێز دکتۆر ئیحسان فوئادی هاورێشمان - بەخۆشییەوە لێیوەربگرێت - ئەمیش بگەڕێتەوە بۆ کوێ - بۆ سلێمانی: بەداوای

بەخشینەوە بۆ ئەم هۆنینە نائاسا و یاسایە. (من باوەڕم وایە هاوڕێکەم وەکو من بابەتەکەی لێتێکچووە و لەبیرچووە)، چونکە ئێمە هەموومان بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ شارە جوانەکەمان.

**هاوڕێکەم دەڵێت:**

((ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە!))

بلیمەتانی کوردیش گوتویانە

((کە ئەقڵ نەبێت، قەوارە بەتاڵە!))

لە فۆلکلۆری (کۆن و دێرین و نوێ)ی کۆمەڵایەتی کوردەواریدا کە زادەی (بیر و ژیری)، (ئەزموونە ژیانییەکان) و (بەرکەوتە کاریگەرەکانە لەسەر مرۆڤ بەگشتیی و کاردانەوەکانیان جوانترین ڕێنمایی بەسوودی لێوە فێردەبێت. ڕووناکبیرە بیرمەندەکان خۆیان دەزانن ئەقڵ خۆی لێکدانەوەی ئەقڵەو لە ئەقڵەو هەر خۆشی ئەقڵ بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵام ئەوان گوتوویانە:

(هەموو کات ئەقڵ میوان نییە) گشت شیکارییەکانی ئەقڵ هەر ئەقڵ خۆیەتی. لێرەوە ناچارم (دوو دەق) بخەمەوە بەردەمی هاوڕێی دێرین و خۆشەویستم و خوێنەری بەڕێزیش با سەربەستبن:

١- مامۆستای بەڕێز لەلاپەڕە (٦٠)دا فەرموویەتی:

(وانووسراوە کە ئەوە دەگەیەنێ (د.صفاء حافظ) و (عزیز الشیخ) کە دوو سەرکردەی دیاری حزبی شیوعی بوون (پرسیان) بە کاک حەمە سالح کردووە، پێیان وتووە ((دەمانەوێ سەندیکای مامۆستایان دابمەزرێنین)) ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە)

* ئەی من چیم گوتووە؟! - بەشی دووەمی لای چەپ - ل٤٦ - ((لەپڕێکدا هەڵسەو برۆ (فەرمانە) بۆ بەغدا، دکتۆر سەفا حافزەو ڕەشید کۆیی و دوو کەسی دیکەم بینی، قەیناکا ناوەکان نایەنەوە بیرم، بەڵام گرنگ دکتۆر سەفا حافزەو (عەزیز شێخ)یشیان لەگەڵدابوو، یەکێکی دیکەش بوو چووم لەوێ بینیمن، وتیان ئێمە دەمانەوێت سەندیکای مامۆستایان دابمەزرێنین))، واتە ئەوان بە منیان گوتووە، (نەک پرس بەمن بکەن!!) نازانم بۆچی بەم جۆرە هەڵگێڕانەوەیە، دە ئێوەش سەیربکەن و با هاوڕێ دێرینە خۆشەویستەکەشم بیری بێتەوە کە لە کۆتایی لاپەڕەی ئەوبەر (٤٧)دا ڕامان لێیپرسیوم:

٢- (ڕامان: چۆنبوو لەو هەموو خەڵکەدا تۆێ دەستنیشانکردووە؟

وەڵامی من:

١- محەمەد سالح سەعید: ئەو منی دەستنیشان نەکردووە، حزبی شیوعی دەستنیشانی کردووم، بەڵام چوومە ئەوێ و لەگەڵ ئەوان دانیشتم و ئەو کارە بەمن کرا. (ئەوان بەمنیانکرد!)، واتە ئەوان ئامرازێکی حزبیان بەو جۆرە خستەکار: بابیڵێمەوە پێیانکردم).

٢- هەر لەولاپەڕە (٤٧)دا گوتوومە (بەڵێ، من کادرێکی کارای حزبی شیوعی بووم.) ئێستاش دەڵێم: من (هەتا ئەوکاتە پێنج جار گیرابووم، بۆ پێنج مانگیش خۆشاردنەوەم بینیبوو).

**هاوڕێکەم هەر واز ناهێنێت!**

هاوڕێ مستەفا سالح کەریم بەدوای ئەوانەشدا هەر دەپرسێتەوە:

(جگە لەوەی کە لەو کاتەدا کەسێکی وەک د. عیزەددین مستەفا کە لە شام هاتبووەوە، لە بەغدا دەژیاو لەوەوپێش مامۆستا شارەزا بووەو شیوعیش بوو، هەمووانی دەناسی و ڕۆژانە لەبارەگای حزبی شیوعی بوو، ئەو پرسەیان بۆ لەو نەکرد؟) وەڵامەکەی، چونکە: (پرس بەمن نەکراوە، فەرمانم بەسەردا دراوە).

١- ئەوان نوێنەرێکی کارای شیوعی پارێزگاکانی وەک (سلێمانی و هەولێر و مووسڵ)یان ویستووە، نەک هی بەغدا.

٢- تۆبڵێیت کادیرە شیوعییە کوردەکە بەرانبەر عەرەبەکە پلە دوو بێت، بەتایبەتیش لەلای شیوعییەکان خۆشیان کە؟ هەر بۆ ڕوونکردنەوە دەیڵێمەوە: بەلامانەوە شتێکی سەیربێت پێکەوە کارێک بکەین؟! (من نوێنەر و ئەو نوێنەر).

٣- ئەی بۆچی هاوڕێ دێرینە (خۆشەویستە بروا بەخۆبووەکەی خۆم)، نازناو و خاوەنی بەتوانایی ئەوکاتە (دکتۆر عیزەددینی پرۆفیسۆر و داکۆکیکار لە شیوعیەت) هەر ئەوسا نەکرابوو بەئەندامی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردیش لە جیاتی من؟! بابڵێینەوە ئەوەش من بگرێتەوە!! (دیارە ئەوە بڕیاری حزبە) (با هەموانیش بزانن من و دکتۆری خۆڕاگر و بەڕێزم، هاوڕێی تەمەنم پێکەوە لە ڕێکخراوەیی حزبدا چالاکی و بەرهەمی وردی پڕ شانازیمان پێکەوە هەبووە!!

(هەتا ئێستاش شانازیی بەیەکەوە دەکەین) و بەڕاست

هاوڕێی خۆشەویست و دێرینمە.بەهۆکار ڕێزی گەورەی لێدەگرم.

١- بەشێک لەیادداشتەکانم - کەسایەتیی ناودار و بلیمەت - پرۆفیسۆری زانا دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ - ساڵی ٢٠٠٦، بەرگی یەکەم، ٣١٢ لاپەڕە، (لاپەڕە- ٢٥٩، ٢٦١، ٢٦٨، ٢٦٩).

٢- من ذكريات رجل عمل تحت الكواليس بصمت - خەباتگێری نەگۆڕ و سەرکەوتوو - پارێزەر و هاوڕێی دێرینم عەلی مەحموود فەرەج، ساڵی ٢٠١١، ١٠٩ لاپەڕە، (ل ١٤).

٣- بیرەوەریی مێژوویەکی پڕ لە شانازیی، ١٧٨ لاپەڕە، ساڵی ٢٠١١، بەرگی یەکەم، خەباتگێڕی کۆڵنەدەر و ئازاو ئازاد، هاوڕێی خۆشەویستم (قادری میرزا کەریم)ی خاوەنی برا و خوشکی تێکۆشەرانی حزب یادیان بەخێر - لاپەڕە (٣٣).

٤- چەند لاپەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانم لەزیندان - ساڵی ٢٠١٣ - ١٢٤ لاپەڕە (ل٨٠ - ٨٢)، عەلی حامید قادر.

٥- بیرەوەرییەکانم - هێشتا تەواو نەبووەو چاپ نەکراوە، ڕووداوی دەگمەن، هەروەها سەرسوڕهێنی تێدان، هاوڕێیان و کەسەکانی تری وەک منیش، هەروەها (بەبڕوای من گومان، یان بێ بڕوایی هەرچۆنێک بێت جۆرێک لە نائارامیی کۆمەڵایەتی بۆ خاوەنەکەی - بۆ خۆی و بۆ ئەوانیتریش دروست دەکات - بەتایبەتی لە نێوان کەسە بابەتی و ئەرێنییەکاندا).

بابڵێین ماف و ڕاستی و ڕەوایی ڕێڕەوی سروشتی خۆی بگرێتەبەر ژیان بەخۆشی و خۆشەویستی و بۆ هیواخوازییە پیرۆزەکان هەر لە گەشەکردندابێت. ئێستا و ئەوساش ئەگەر (شیوعی ئازادیخواز و نەتەوەپەروەر نیشتمانی و کەسایەتیی کورد) کاراتر و ڕاستر نەبێت و نەبووبن هیچیان لەهی ئەو جۆرەی نەتەوەکانیتر کەمتر نەبووە، لەپێش هەمووشیانەوە عەرەبی ئێراق، تکایە با خۆمانی کورد بەکەمتر لە کەس نەزانین! ئێستاش نەبەزینی کوردی پێشمەرگە ئاسای پشت بەخۆبەستوو - بەکاریگەریی هۆکارە تایبەتەکان - دیارترین وێنایە. من خۆم ئەزموونێکی تری بەعقووبە، ناسریەو زۆر بەقووڵیی لە عەمارە پێنج ساڵ لەناو حزبی شیوعی و بەندیخانەدا و بەدرێژایی تەمەنم لە سلێمانی هەبووەو تێپەڕیوە.

من ئێستا دکتۆر کەمال فوئادی نەمر و هاوڕێی دێرینی هەردووکمان لە کوێ بهێنم؟ چەند چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەوەشی ئارەزووی لە چیرۆکە کۆنەکانمانە، تەمەن درێژ بن (س - م - ب، م...) و کەسانیتریش زیندوون، چەند خۆشە من منداڵ ببمەوە و بەساکارییە خاوێنەکەی جارانمانەوە ڕەعنا سووری نانکەری دایکی (قادر خەیات)، (قادر نانەوا) و هەنەزای (لەتیفی نانەوا) سێ ماڵی نهێنی و دیسان چیرۆکە کۆنەکانی گوێ ئاگردان و سەرتەنوورەکەی جارانی خانووی مەڵکەندیمانی بۆ دەگێڕاینەوە!

## لەبواری ڕامیاریدا

ئەقڵی ورووژاوی داسەپاو، یاری بەتاکتیک و ستراتیج دەکات، ئەکتەری ناوکۆی ئەو بوارەش یاری پێکراو و دەستکەلایە، یان ئاگری پێدەکوژێننەوە، یان پێی خۆشدەکەن. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ نەکرێتە سووتەمەنی بەرژەوەندخوازانی خۆخۆری و تاکلایەنە. ژیان بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییمان دەگەیەنێت.

(ئەوانە هەموشیان دەچنە ئەقڵەوە!) لەبەر ئەوە چاک وایە ئەقڵ هەمیشە میوان بێت.

## بابەتێکی تری بە سەرنج

(من ئەوەم لە (خود)ی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بیستووە!)

هاوڕێم مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم لەلاپەڕە (٥٤) لای چەپ لە دێڕی (٥) لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەنووسێت:

((ب - مەسەلەی ئەو یاداشتە دەستپێشکەریی مامۆستا ڕەفیق حیلمی (بوو) کە خۆی جێگری نەقیبی مامۆستایان (بوو)، نەجیب محێدین نەقیب (بوو) (د. سەفاء حافز)یش سکرتێر(بوو) هەردووکیان پشتیوانیی مافی کوردیان (دەکرد)، ئەم یاداشتە وا پێشنیاز کرابوو کە (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نەقابە) بەهاوبەشیی نوێنەرانی (لقەکان)ی (هەولێر و سلێمانی و کەرکووک) پێشکەش بکرێ))ئەمە تەواو. بەدوایدا هاوڕێکەم دەنووسێتەوە:

لە دێڕی(٢)ی لاپەڕە (٥٥) دەڵێتەوە: ((من ئەمەم لە(خود)ی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بیستووە!))

## (ڕوونکردنەوەی من)

١- دیارە ئەوکارە سەرەتا ڕاستەوخۆ مامۆستای مەزن

ڕەفیق حیلمی تێدابوو، نەک هەرئەوە، بەڵکو ئەو کەسایەتیی سەرەکی و ناودار و کاریگەر بوو.لەگەڵ د.سدیق ئەترووشی (وەک دوو سەربازی بابلێم ئیجباری حزبی شیوعی ئەوکارە پیرۆزەمان پێکەوە ئەنجامداوە) شێوازی کارکردنی ئەوسای حزب وەها سەپێنرابوو کە (تۆ فەرمانت جێبەجێ بکە و دوایی وتوویژی لەسەربکە!)

٢- ئەو پرۆژەیە لیژنەی تایبەتی حزب و ئامادە بۆ نەقابە پێکەوە بڕیاریان دابوو. دیارە مامۆستای بەناوبانگی کورد وەک کەسایەتییەکی دەگمەنی ناسراو کرابوو بەیاریدەدەری سەردەستەی نەقابە، بەڵام (ئەوەبوو هەرزوو لەنەقابە نەما)و کاری گەورەی فەرمیی لە وەزارەت پێ درا. هەروەک چۆن مامۆستای بەڕێزی خۆشم (نەجیب محێدین)یش کە کرابوو بە نەقیبی مامۆستایان) ئەویش شیوعی نەبوو، دیموکراتێکی پێشکەوتنخواز و ناوداربوو.

٣- یاداشتەکە پێش بابەتی (ئەنجومەنی نەقابە) بوو، ئەنجومەن لە (سەرۆک و سکرتێر)ی گشت پارێزگاکانی عیراق دروست دەبوو.کاتی پێویست بەبڕیاری (دەستەی گشتیی نەقابەی مەرکەزی) کۆبوونەوەی (دەوری) دەکراو نەقیب و سکرتێری یەکەم سەپەرشتیان دەکرد. (دوای کۆنگرەی یەکەم بە سێ مانگ لە بەغدا ئەوسا بۆ یەکەم جار ئەو ئەنجومەنە کۆبووەوە! هاوڕێم مامۆستا محەمەد عەلی مەحموود (تەمەن درێژبێت) ئاگاداری هەمووکارەکانە، کە پێکەوە کردوومانە.

٤- ئەوسا نوێنەری هەڵبژێرراوی پارێزگای کەرکووک بەهیچ جۆرێک لەو یاداشتەدا بەشداریی نەکردووە.

دەستەی نەقابەو ئامادەکارانیش لە بیروباوەڕ تورانی و کەسانی ڕەگەزپەرستی عەرەب پێکهاتبوون و دەستیان بەسەر گشت کار و چالاکیی نەقابەدا گرتبوو.ڕاستەوخۆ و بەتوندی دژایەتی مافی ڕەوای نەتەوەیی و بەکوردی خوێندنیان دەکرد لەهەڵبژاردنی دووەمی نەقابەدا دوایی گۆڕانکاریی بەسەر ئەو لقەدا هات و ئەو زۆرینە کۆنەپەرستە دژە کە تێکشکا و ڕاسپاردەو پێشنیازەکانی یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کوردو بە هاوکاری نەقابە لە بەغدا ئەو کارەی جێبەجێکرد کە لە بیرەوەرییەکاندا لێی دەدوێین.

٥- تکایە سەیری دەقی ئەم بڕووسکەیە بکەن کە سەرۆکی لقی هەولێر، سلێمانی، مووسڵ، دیالە (کە لەو دەمەیدا لەگەڵ ئێمەدا بوون) ئەوە باشترین بەڵگەی مێژووییە بۆ هەمووان کە پێشکەشتانی دەکەم!

**دەقی بڕووسکەکە**

(٦) مامۆستای هێژا و نەتەوەپەروەر، خاوەنی (چیم دی) لەخەبات و بەرخۆدانی کوردایەتی و حکومەتی مەلیک مەحموود دا، (ڕەفیق حیلمی) هەرزوو (نەقابە)ی بەجێهێشت، چونکە جێگەبڕوای وەرگرتنی کاری فەرمی بووە. دکتۆر سدیق ئەترووشی لەگرتنی یەکەم ڕۆژانی کۆتای یەکەمەوە وەک جێگری دووەم جێگەی ئەو هێژایەی گرتەوە و بەشداریی ڕاستەوخۆی کرد.

(٧) من ناتوانم هیچ بڵێم لەسەر ئەو گوتراوەی بەتایبەتیی (خودی مامۆستای ناوداری کورد- ڕەفیق حیلمی گوایە بۆ هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا مستەفای گێڕابێتەوە!) چونکە:

**یەکەم:** لەگەڵ ئەوەی مامۆستای هێژا هەرزوو کاری جێگری نەقابەی بەجێهێشت بۆ دکتۆر سدیق ئەترووشی، چونکە پۆستی فەرمیی لەوەزارەت درایە (ئەوەیەک).

**دووەم:** لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیم بۆ (م. نەجیب محێدینی نەقیب) کە لەوەوپێش یاریدەدەری بەڕێوەبەری خەمخۆرێکی ئازادیخوازی خانەی ئەوسای مامۆستایانی خۆم بووە) کەسایەتییەکی زانستخواز، پەروەردەیی هێور لەگەڵ ئەوەی وەک نیشتمانییەکی دیموکراتی، بەڵام وەکو ئێمە شیوعیش نەبوو، لەخۆپێشاندان و ڕاپەرینەکانی مانگرتن و خۆپیشاندانی ١٩٥٤ دا سەرپەرشتیی مانگرتن و خۆپیشاندانی گشت


الموتمر الاول لنقابة المعلمين ٢-٥ شباط ٩٥٩

اننا اعضاء وفود اربيل وسليمانية والموصل وديالى نطالب بضرورة ادخال لواء كركوك ضمن مديرية تربية وتعليم كوردستان وان اللواء المذكور هو من صميم منطقة كردستان العراق والاكثرية الساحقة من سكانه هي من الاكراد وان التركمان يشكلون اقلية محدودة يحق لها فتح مدارس خاصة بها فقط وان ما جاء بخصوص ذلك من قبل وفد لواء كركوك ليس صحيحا وبعيد كل البعد عن الحقيقة.

رؤساء الوفود للالوية المذكورة

| | | | |
|---|---|---|---|
| رئيس وفد لواء السليمانية | رئيس وفد لواء الموصل | رئيس وفد لواء اربيل | رئيس وفد لواء ديالى |
| محمدعلي محمود | سعيد سليمان | موسى خليل | عبدالمجيد سلطان |

من آرشيف
محمد صالح سعيد
١٩٥٩/٤/٥

قوتابییەکانی دەکرد خۆی و بەڕێوەبەریش هەردووکیان (وانەش نەدەخوێنرا). وا بزانم شەو تێپەڕی، ئەمن و پۆلیس هاتنە ناو بەشی ناوخۆی خانەی مامۆستایان کە زۆر گەورە بوو بەرانبەر ئۆفیسی قیتار لە شارەکە هەشت هۆڵی درێژ و زۆر گەورەی چل کەسیی ئەمبەر و ئەوبەری تێدابوو دوانیان پڕ مێز و کورسی نان خواردنبوون، گشتیان بەبەشێکی تایبەتی تری گەرماو و تەوالێتەوە بەسترابوونەوە.

بەندیخانەی بەناوبانگی بەعقوبە لە ئێراقدا، تایبەت و پڕبوو لە شیوعییە سەرکردە ناسراوەکان کە بۆ ماوەی دوورودرێژ بەندییان بەسەردا درابوو. (با ئەمە بپچڕین) شەوی چوارەم ژمارەیەکی زۆرمان لێگیرا. لە سلێمانیی (م. کەمال محەمەد قادر - برای عەزیز محەمەد قادر، م. عەلی ئیحسان ئەحمەد کە بوو بە تۆمارنووسی گشتیی زانکۆی سلێمانی، جەلال عەلی قادر و محەمەد سالح سەعید. لە هەولێر م. جەمال - لەخێزانی حەیدەری، مەعاز عەبدولڕەحیم کە دوایی بوو بە یەکێک لە بەعسییە ناسراوەکانی ئێراق و چەندانی تر کە ناوەکانیانم بیر نییە.)، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی سەرسوڕمان بوو کە لە (مەخفەری دۆرە)ی قەراغ بەغدا خۆمان دییەوە، بینیمان بەڕێوەبەر و یاریدەدەر مامۆستا (نەقیب نەجیب محێدینیش لەگەڵماندا گیراون!) نزیکەی مانگێک لەوێ بەوپەڕی هێوری وەک نیشتمانپەروەری بەرپەرچ بۆ فەرمانڕەوایی ئێراقی نۆکەری ئیمپریالیزمی بەریتانی و فەرمانڕەواییەکی داردەست، ئارام و شاناز بەرێزگریی گەورەی قوتابیی بۆ مامۆستا و بەڕێوەبەرەکەی، ئەو مانگەش (خانەی مامۆستایان داخراو کە بەربووین کرایەوە) بەو تەمەنەوە بوو بە ئەزموونێکی تری تایبەت بە دوای چوار جار گرتنی لەوە پێشی تەمەنی شیوعێتی ئەوسای من کە بەو جۆرە کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرە ڕێزدارانەوە وانەی ئاراستەی جوانتر فێرببین.

**سێیەم:** لەیادەوەرییە پاکەکاندا پیرۆز دەمێننەوە.لێرەدا دەبێت یادەوەری تایبەتی سێ ساڵی بەعقووبە بپچڕم.

٨- هاوڕێی بەڕێزم مامۆستا مستەفا سالح لە بابەتێکی تری نەقابەدا کنەوە دەکاتەوە (ناخوازم بیر لە هۆکار، یان پاڵنەر بکەمەوە) کە گوایە ئەو یاداشتە (ئەنجوومەنی نەقابە، واتە مەجلیسی نەقابە داوێتی!): ئەمە ڕوونکردنەوەی منە بۆ ئەوە:

(١) مامۆستای گەورە و نەمر ڕەفیق حیلمی هێژا، یەک کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نەقابەی نەدی، چونکە ئەو ئەنجوومەنە ئەوکاتە سەرەتایە و هەر بڕیار نەدرابوو، لە ئاراشدا نەبوو.

(٢) بەپێی پەیڕەو و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە پێویست بکات سێ مانگ یەک جار دەگیرێت. سەرۆک و سکرتێری گشت لقەکانی پارێزگاکان ئامادەی دەبن، ڕاسپێری و پێشنیازەکان بەنووسراو بۆ (دەستەی گشتیی نەقابە) دەنێردرێت بۆ بڕیادانی پێویست بەئەرێ، یان نەرێ. نەقیب و جێگرەکەی و سکرتێر لەوانەیە ئامادە بن، یان نەبن، بەڵام سەرۆک و سکرتێری هەردوو دەستەی بەڕێوەبەری پارێزگای بەغدای پایتەخت ئامادەی دەبن (کەرخ و ڕەسافە).

(٣) (وەک پارێزگا). لە کۆبوونەوەی وەرزیی ئەنجوومەندا بۆ پێویستییەکان ماوەی دوو ساڵ مامۆستاو هاوڕێی دڵسۆزم هەر محەمەد عەلی مەحموود وەک سەرۆکی لق، منیش وەک سکرتێر پێکەوە بەشداری ئەرکی پیرۆزمان لە کۆبوونەوەکانیدا کردووە و چەندان هەڵوێستی خۆش و ناخۆشمان بەڕێکردووە. تکایە (لە دواوە کارە پیرۆزەکانی هێژا مامۆستا ڕەفیق حیلمی ڕووندەکەمەوە) کە لەو سەردەمەدا بۆی تەرخان بوو.

**تکایە لەم ڕوونکردنەیەوەش وردبینەوە!**
**((مامۆستا ڕەفیق حیلمی نەمری مرۆڤدۆست و نیشتیمانی و کوردپەروەر))**

مامۆستای نەمر ڕەفیق حیلمی پایەبەرز، خاوەنی چەندان هەڵوێستی تایبەت و شانازی رامیاری جۆراوجۆری کردەیی ڕۆشنبیری، مێژوویی، پارتایەتیی بیرەوەری یادەوەری، فەرمی و کارگێڕی، زانستی و زمانی. دیبلۆماتی نێردراوی، (حکوومەتی مەلیک مەحموود، ئێراق و دەرەکیی وڵاتان) و کارامەی وریا، نەرم و ژیرانەی گەورانەی وەک ئەو و منی قوتابییەکی سەرگەرمی پڕ بڕوا، بەداوا، خۆپیشاندان، گرتن و خۆشاردنەوەی من و ئەوسای ئەو مامۆستا شارەزایانەی وەک گەمەیەکی کورتخایەنی یەکەم هەڵبژاردنی نەقابەی مامۆستایانی ئێراق کە بە (جێگری نەقیبی مامۆستایانی ئێراق هەڵبژێردرا) ئیتر هەرزوو، ئەوە لەگەڵ نەقابەدا دوای یاداشتەکە دووەم کاری بوو، بەهۆی کەسایەتی بڵند و شایستەیی دەگمەنی خۆیەوە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی

نەقابەی بەجێهێشت).دکتۆر صدیق ئەتروشی خرایە جێی، ئیتر:

(١) لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرەیەکی تری نەقابەدا بەشداری نەکرد.

(٢) هەروەها نەیتوانی لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی نەقابەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوەش ئامادە ببێت و بەشداربێت، چونکە بەرپرسیاربی گەورەتری فەرمی شایستەی دەبینی و وەرگرتبوو (یەکسەر بەدوای هەڵبژاردنی نەقابەدا) ١٩٥٨:

(١) دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز ١٩٥٨:

١- سەرۆکی لیژنەی نووسین و پێشکەشی یاداشتی داواکردنی بڕیاردانی جێبەجێکرنی خوێندن بەزمانی کوردی و دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە کە لێی دواین.

٢- قاییل کرا ناوی بخرێتە لیستی هەڵبژاردنی نەقابەی مامۆستایانی ناوەندی ئێراق و بۆ جێگری یەکەمی نەقیب هەڵببژێرێت، بەڵام بەرپرسیارێتی تر نەیهێشت هیچ کارێکی نەقابە بەشداربێت، پۆستی فەرمیی وای کرد کاری نەقابەشی بەجێهێشت.

٣- کرا بەئەندامی کۆمەڵەی (بڵاوکردنەوە، وەرگێڕان و دانان)ی ئێراق.

٤- هەروەها کرا بەجێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئێراق (دوایی ئەوەشی دەست لێ هەڵگرت و وەک

بەرپرسایەتی نەقابە) ئەوەشی بۆ ئەرکی تری پیرۆز بەجێهێشت.

١٩٥٩:

١- هەوڵی دا پارتێکی ڕامیاری بەناوی (پارتی کۆماری - ئەلحزب ئەلجەمهووری) پێکبهێنێت، بەڵام پاشان هەرزوو داواکەی ڕەت کرایەوە.

٢- هەر لەم ساڵەدا کرا بە (مولحەقی سەقافی) لە ئەنقەرەی تورکیا، ماوەیەکی کەمی خایاند و دوایی پۆستەکەی گۆڕرا. (دیارە ئەمانە لێکدانەوە هەڵدەگرن!)

١٩٦٠:

ئەو مامۆستا هێژایە ڕۆژێک لەکاری گرنگ و بایەخدار نەوەستاوە، گشت ساتەکانی بەکاری بایەخدارەوە بەڕێ کردووە کە بەداخەوە لەجەرگەی خۆڕەتاندن و قوربانیدانیدا لە ٤/٨/ ١٩٦٠دا کوردستانی بەجێهێشت و تەرمی پیرۆزی لە بەغداوە هێنرایەوە سلێمانی و لەگردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

(هێژا و زانا و کوردپەروەر ڕەفیق حیلمی)

لێدوان لە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بە چەندان کتێب تەواو نابێت.

لە ساڵی ١٨٩٦ دا لەدایکبووە، ساڵی ١٩٣٠ کتێبێکی لەسەر سۆشیالیستی دەرکردووە. ساڵی ١٩٣٠ کرا بەسەرۆکی لیژنەی پیتاک و باربووی لافاوی سلێمانی و لافاوی سەعدییەش. ئەگەر دەتەوێت زانیاری زۆر لەسەر مامۆستا ڕەفیق حیلمی نەمر بزانیت، بەدەیان سەرچاوە هەیە، بەتایبەتیی (موعجەم ئەلموئەلفین ئەلعیراقیین) و (کتێبە دانراوەکە)ی شاخەوان عەبدوڵڵا)، کۆمەڵەی دارکەر، حزبی هیوا ١٩٣٨ - ١٩٣٩ ئەو ساڵی ١٩٣٨ حزبی هیوای دامەزراند. هەر لە ئەستەمبوڵیش لە ئەکادیمیای سەربازی و تەکنۆلۆجی خوێندبووی.

لە کۆتاییدا دیسان وەک ڕوونکردنەوە دێمەوە سەر فەرمووده‌کەی هاوڕێکەم لەبارەی (عەقڵ قبووڵی ناکات، خۆی پێیراگەیاندم و نەبینینی کار و ئەنجوومەنی نەقابە!)

سەرەڕیش بۆ گشت دڵسۆز و خۆڕەتێنە پاکەکانی نەتەوەکەمان، هەر لە هاوڕێیانی دێرینەوە بۆ هەموو تاکێکی ئەو ڕێبازەو لەگەڵ جیاوازیی باوەڕ، بیروبۆچوونە شایستەکانیاندا و هەردووکیشمان.